# خۆشەویستترین پۆشاک لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قەمیس بوو

لە ئوم سەلەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خۆشەویستترین پۆشاک لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قەمیس* بوو». *(قەمیس: مەبەست لەو جلەیە کە یەک پارچەیە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەبەر دەکرێت وباڵەکان دادەپۆشێت، وشێوەکەی نزیکە لە -دزداشە- لە ئێستادا)

[صەحیحە] [تورمزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

خۆشەویستترین پۆشاک لە لای پێغەمبەری -صلى الله عليه وسلم- قەمیس* بوو؛ چونکە زیاتر مرۆڤ دادەپۆشێت بە بەراورد لەگەڵ جلی یەک پارچەی نیوەی سەرەوەی لاشە (رداء)، وجلی یەک پارچەی نیوەی خوارەوەی لاشە (إزار)، قەمیس یەک پارچەیە لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەموو لاشە دەگرێتەوە وئاسانتریشە بۆ پۆشین بە بەراورد لەگەڵ (إزار) و (رداء). بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر لە شوێنێک بوویت خەڵکی (إزار) و (رداء)یان دەپۆشی وتۆیش وەکو ئەوان بپۆشیت ئەوا ئاساییە، وگرنگ ئەوەیە جلێکی ناشەرعی نەپۆشیت یان جلێک نەپۆشیت کە پێچەوانەی جلی ئەو شوێنە بێت ودیار دەربکەوێت وببێتە (جلی بەناوبانگ بوون: لباس الشهرة) وپۆشینی جلێک کە بەناوبانگ بوونی لێبکەوێتەوە نەهی لێکراوە لە فەرموودەی تردا، جا ئەگەر ئەوەی دەیپۆشێت مەبەستی بێت یان مەبەستی نەبێت. *(قەمیس: مەبەست لەو جلەیە کە یەک پارچەیە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەبەر دەکرێت وباڵەکان دادەپۆشێت، وشێوەکەی نزیکە لە -دزداشە- لە ئێستادا)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4827